**ماركسی سەدەی بیست و یەك**

**"منصور حیكمەت" دڵی لە لێدان كەوت**

**هاوڕێیان وەك هاوڕێ ئازەر ئەڵێم كارەساتە ترسناك و .............گەورەو دڵتەزێن و ئینسان هاژێنەكە ڕویدا.**

**مرد.... ئەو ئینسانە ئازیزەی كە ماركسیزم و كۆمۆنیزمی وەك سونەت و پراتیك بۆ هەموو كادرو ئەندام و دۆست و لایەنگرانی بزوتنەوەی كۆمۆنیزمی كرێكاری, كردە پێش مەرجی خەباتی سۆشیالستی.**

**ئێستا ئیتر,بۆ هەر كادرێكی تەنانەت دەرەجە بیستی ئەم بزوتنەوەیەش, سونەت و پراتیكی كۆمۆنیستی ڕۆشنە, ئەگەر كاری گەری دیدگای غەیرە كۆمۆنیستی ڕێگەمان لێ وون نەكات, ئەوە هاوڕێ منصور پرۆسەی شۆڕشی سۆسیالستی لە ئیختیارمان داناوە.**

**میتۆدو ڕێبازێك كە ئەو كردی بە سونەت و پراتیك, پشت چەمانەوەی ٧٠_٨٠ساڵی ڕابووردودا ڕاست كردەوە, وەلە سەخترین و ئاڵۆزترین دەورانەكانی ئەزمەی سەرمایەداری و هێرش بەسەر چینی كرێكار هیچ كەلێنێكی بێ وەڵام نەهێشتەوە بۆ هەر ئینسانێك سەر بەم بزوتنەوەیە كە مەنصوری لە ناو دڵ و سۆمای چاویا پاراستی, ئەبێ زۆر جدیتر زۆر قایمتر وە زۆر چالاكانەتر بێتە مەیدانی خەبات و چاونەترسانەتر دەست بۆ چالاكی سیاسی بەرێ و باوەشی خۆشەویستی هاوڕێ یانە گەرمتر ڕاگرێ.**

**من دوای سی و چوار ساڵ تەمەنی خەباتی سیاسیم ئەو وەسێتەی هاوڕێ مەنصور ئەكەم بەچرای ئومێد و بەڕێگای كاروانی خەباتی سیاسی ئایندەم.**

**بژی مەنصور حیكمەت**

**شكۆداربێ ئاڵای كۆمۆنیزمی كرێكاری**

**بڕوخێ سەرمایەداری**

**هاوڕێتان**

**عوسمان محمد**

**٢٠٠٢/٧/٧**